هەواڵگری عێراق دەستگیرکردنی دو سەرکردەی داعشی لەدەرەوەی سنوری خۆی ڕاگەیاند

شانەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی عێراق ڕایگەیاند، دو تیرۆرست بە ناوەکانی "ئەبو عەمار" و "ئەبو مریەم" لەلایەن دەزگای هەواڵگریەوە لە وڵاتانی دراوسێ دەستگیرکراون، ئەو دو تیرۆرستەش یەکێکیان فەرماندەی تیمی هاوێن و ئەوی دیکەیان فەرماندەی لیوای فەتحی ڕێکخراوی چەکداری داعشە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی عێراق لە ڕایگەیەنراوەکدا ڕایگەیاند، دەزگای هەواڵگری نیشتمانی ئەپەراسیۆنێکی تایبەت لە دەرەوەی سنوری عێراق ئەنجامدا، لە ڕێگەی ئەو ئەپەراسیۆنەشەوە دو تیرۆرست بە ناوەکانی عومەر عەواد ناسراو بە "ئەبو مریەم"، یاسر حەسەن ناسراو بە "ئەبو عەمار" دەستگیرکران.

ئاماژە بەوەشکراوە، لە ساڵی 2014 ئەبو مریەم چوتە ریزی ڕێکخراوی چەکداری داعش و وەک فەرماندەی تیمی هاوێن دامەزراوە، ئەبو مریەم بەشداربوە لە شەڕکردن دژی هێزە ئەمنییەکان لە جەنگی ئازادکردنی ناوچەکان، دواتر هەڕەهاتوە بە دەرەوەی عێراق و لەلایەن دەزگای هەواڵگریەوە لە وڵاتێکی دراوسێ دەستگیرکراوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوی شانەی ئاسایش ئەوخراوتەو، ئەبو عەمار بە هەمان شێوە لە ساڵی 2014

چوەتە ریزی چەکدارانی داعش و وەک فەرماندەی لیوای فەتح دامەزراوە، ئەو سەرکردەیەی داعش کە پارەزگای بابلی لە رەگەی ئەتەمبەلەکی بەمبەژکراوەو بەئاماجگرت.

باس لەوەشکراوە، ئەبو عەمار لە ساڵی 2017 بە دەرەوەی عەراق هەڵهاتوە و لەم ماوەیەدا لە یەکەک لە وڵاتانی دراوسە دەستگیرکراوە.